# بنەماکانی ووزەی پاك و بەکارهێنانی لە تەلارسازیدا

دەستپێکی هەموو پرۆژەیەك وردەکاری و دراسەکردنییەتی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بە جوانترین و باشترین شێوە دروست بکرێت زۆرترین پێویستیە کانی بەکاربەرەکانی برەخسێنێت و کەمترین مەسرەفی هەبێت واتا بە کەمترین بوجە دروست بکرێت و کەمترین خەرجی بویێت بۆ بەڕێوەبردنی (گەرم کردن و ساردکردنەوە) وە کەمترین (کاریگەری) هەبێت لەسەر ژینگەی دەورو پشتی بە پێچەوانەوە ئەگەر وا بکرێت کارێکی ژینگە پارێزی تیا بەرهەم بهێنرێت باشترە لە لێکدانەوەی ئەم کارەکتەرانەوە، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو وە سەرەتای هەشتاکانەوە بە جۆرێکی بەرفراوان ژینگە پارێزی وەك هاوکێشەیەك پەیدابوو کەوتە ناو کاری بیناسازیە وە وورده ووردو بەرجەستە ئەبێت و پشتگیری ئەکرێت ,ئەمەش( ئەگەر چی لەوەو پێشیش هەندێ کەس کاری بۆ ئەکرد بەلام کەم بون ) لە ئەنجامی ئەو گیرکرفتانەدابو کە لە ناوەراستی ساڵە کانی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو توشی رۆژئاوا هات وەك کاردانەوەیەك ( کەمی نەوت کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی ) ووزە ئەمەش وایکرد بگەرێن بۆ ئالتارناتیُفێك کە ووزەی لێ دەستبکەوێت ئەویش وەك خۆر . با . هتد کە بتوانن سودی لێ وەربگرن ( ئەم ووزانە پاشەرۆیان نییە بۆیە پێیان ئەوترێت ( ووزەی پاك ).

وە دنیای ژینگە پارێزی لە تازەکردنەوەیەکی بەردەوامدایە بۆیە ستاندەرێکی جێگیر نییە و هەمیشە لە نوێبونەوەدایە ,دنیای دۆزینەوەو تازەگەری لەو کەلوپەلانەی کە بۆ دروستکردنی خانوو (پرۆژەکان) بەکار ئەهێنرێت، رۆژ لە دوای رۆژ لە تازەبوونەوەو شتی تازە ئەدۆزنەوە , ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پشتگیریەکی بەردەوام هەیە بۆ ئەم جۆرە کارانە لەلایەن حکومەتەکانی ولاّتانی پێشکەوتووەوە کە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەم هێنان وە هەم بۆ بەرکاربەری پرۆژەکە (خانوو) سوودی ئابووری و ژینگەیی هەیە بەوەی کە بەرێوەبردنی ئەو پرۆژانە هەرزانترە یاخود بڵێین کەم مەسرەف ترەو زیاتر هاورێی ژینگەیەو ژیانیش لەناویاندا خۆشترە هەر بۆیە دەست پێکردنی پرۆژەیەکی ژینگە پارێزی شیکردنەوەیەکی تایبەتی ئەویَ بۆ ئەو پێویستیانەی خاوەن پرۆژەکە یاخود بەکارهێنەری پرۆژەکە پێویستی پێیەتی کە هەمووی ئەگەرێتەوە بۆ شێوەی بەکارهێنانی ئەو دروستکراوە (مەبەست لە بینایە) وە نابێت بەوەوە بوەستین کە تەنها شوێنی جوگرافیای ئەو پرۆژەیە دیاری بکرێت چەند خەسڵەتێکی تر هەیە کە رەچاو بکرێت وەك

ئاوو هەوا بەرزونزمی شوێنەکە رادەی رۆشنبیری ئەوانەی کە بەکاری ئەهێنن ئەمانە هەموو چوار چێوەیەك ئەدەن بە پرۆژەکە یاخود شتێك ئەدەن بەو پرۆژەیە.

هەمیشە ئەندازیاری بیناساز هەول ئەدات شتێك دروست بکات تازەگەری بێت جا لە شێوەدا بێت یاخود لەبەکارهێنانی کەرەستەدا بێت کە تیا بەکار هێنراوە وایکردووە کە هەندێك لەو ئەندازیارانە بەتازەگەر بناسرێن جا لە رووی شێوەی کارەکانیانەوە بێت یاخود لە تازەگەری کەرەستەکاندا بێت وەك (Frank Llyod wright, Alvar Aalto, le corbusier) کە پرۆژەکانیان زۆربەی کات شتی نایاب و دیاربوون وە کارەکانیان لۆژیکێکی دابەشکردن و دروستکردنی بۆشاییەکانی پێوە دیارن, بەلاّم پێویستیەکان وا ئەکەن کە بۆ هەر کەسەو بە گوێرەی پێویستیەکانی تایبەت مەندیەکی هەیە و بە گوێرەی تایبەت مەندیەکە ئە بێت کاری بۆ بکرێت

ئەمرۆ لە کاری بیناسازیدا زیاتر لە چەند پێناسەیەك هەیە بۆ بیناسازی لە ژێر ناوی جیاوازدا بە جۆرەها رێنماییەوە کە هەریەکە ئامانجێکی تایبەت ئەپێکێت و زۆربەیان سەرچاوەکەیان ژینگە پارێزییە کە جۆرەها راڤەی بۆ ئەکرێت.

هەروەك:

١- بینای(خانو ) کە رێژەی پیسکردنی ژیگە ئەکاتە سفر- zero emission bulding to environmental.

٢-بیناسازی سەوز- Green Architeture.

٣-بیناسازی(sostanible) ئەو بیناییەیە کە هاوریی ژینگەیە کەمترین کاریگەری (مەبەست کاریگەری خراپە)لەسەر ژینگەی دەورو پشتی هەبێت .

ئەو نەخشەسازەی بیەوێت گرنگی بەم جۆرە کارانا بدات ئەبێت رەچاوی ئەم خالاّنەی خوارەوە بکات لە دروستکردنی نەخشەکانیدا

١-پێویستییەکانی بەکارهێنەری ئەو دروستکراوانە، کە گەلێك هەلْبژاردنی تێئەکەوێت

(A) سازاندنی لەو شوێنەی بوی دیاری کراوە ( orientation )

(B) خۆر، با،بە شێوەیەك کە سودیان لیّ وەربگرێت

(C) کەم و زۆری مەجال Space.

٢-هەلْبژاردنی شوێنەکە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە پرۆژەکەدا شوێنە جوگرافیاییەکەی کە کارێکی زۆر گەورە ئەکات لەسەر ئەوەی کە بتوانرێت سەرچاوەی وزەی تازە با .خور سودی لیّ وەربگیرێت کە ئالْوگۆری هەوای کەمترە لە وەرزەکانداو ئەتوانرێت سوود لە خۆریش وەربگیرێت




(شیکاری   چۆن سوود تە ئاڵ و گۆڕی  هەوا وەرئەگیرێت )

٣-دروستکردنی بۆشایی بچووک (Riser) ئەمانە وائەکات لە بیناسازەکەدا گیروگرفتی بۆ زیاد بکات چونکە ئەم شوێنە بچووکە هەمیشە سەرچاوەی ون کردنی وزەن.

٤-کاریگەری ئابووری : بە شێوەیەکی بەرفراوان کارئەکاتە سەر دروستکردنی پڕۆژەکە چونکە هەتا پارە لەبەردەستدا بێت پڕۆژەکە بە شێوەیەکی باشتر و بیٚ کەموکوڕی دروست ئەکرێت کە ئەمەش وائەکات تازەگەری زۆر بە گرنگ وەربگیرێت، چونکە وا ئەکا ئێستا شتێکی باش بکەیت کە نرخی بەکارهێنانی دوایی کەمتر بێت، هەروەها نرخی دروستکردنی بە زووترین کات بگەڕێتەوە لەبەرئەوەی بەکارهێنانی هەرزانترە لە بەڕێوەبردنیدا (بەکارهێنانی وزە بۆ ڕووناکی وزە بۆ گەرمکردنی وزە بۆ ساردکردنەوە).

**٥-هەروەك لە سەرەتادا باسمان كردن حكومەتەكان زۆر هاندەرن بۆ ئەوەی پڕۆژەكان بەو ئاقارەدا بەرن كە وزە كەم بەكاربهێنێت بۆ ئەم مەبەستە یارمەتی ئابوورییان ئەدەن , ئەو پڕۆژانەی كە بتوانێت ئەم شتانە بەرجەستە بكات وە یاخود وزە كەم بەكاربهێنێت وە ئەگەر بتوانێت وزە زیاتر لەوەی بەكاری ئەهێنێت دروست بكات ئەوا وزە زیادەكەی بە پارە لیٚ ئەكڕنەوە كە ئەمە هاندەرێكە بۆ ئەوەی پارە وەربگرێت تا پڕۆژەكە بەو شێوەیە بێت كە وزەی زیادبوو بیفرۆشێتەوە هاندەرێكی باشە بۆ سەرمایەدارە وەبەرهێنەرەكان.**

**هەرئەم جۆرە پێشكەوتنانەش واكرد كە جۆری پڕۆژەكان هەر نەبێت بەگۆڕینی ئەو كەرەستانەی كە تیا بەكارهاتووە ریز بەند بكرێت بەدوو جۆر لە پڕۆژە یاخود خانوو.**

Passive house-١

**لە هەموو دنیادا خەریكە بە شێوەیەكی بەربلاو** passive house **تەشەنە ئەكات و زیاتر گوێمان لیٚ ئەبێت ئەمەش واتای ئەوەیە كە ئەوانەی نەخشەكان ئەكێشن زۆرتر گرنگی پیٚ ئەدەن بۆ لایەنی ژینگە پارێزی ئەمەش لەسەرەتادا لە ولآتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە سەری هەڵدا كە شێوەیەكی خانوو لە خۆ ئەگرێت كە زۆر ورد حسابی ژینگە پارێزی بۆكراوە.وەك رێكخستنی لە ناو ژینگە و سروشتەكەی دەوروبەریدا وە رێكخستنی پەنجەرەكانی بە شێوەیەك سود لە خۆر و با وەربگرێت**




یاسا بنەڕەتییەكان passive house ئەو پرۆژانەیە كە توانراوە بە شێوەیەكی شیاوو زیرەكانە عەزلی دیوارو سەقفەكەی بۆكراوە وە بە شێوەیەكی شیاو حسابی جوگراف بۆ كراوە بە شێوەیەك كە وزە كەم سەرف بكات و بتوانێت سوودیش لە وزەی ئاسایی دەوروبەری وەربگرێت (وەك خۆر , با ) كە پێویستی بە وزەی دەرەكی نەبێت بە گوێرەی ئەو وزەیەی كە وەری ئەگرێت كۆی ئەكاتەوە وەك وزە خۆر، هەوا لەگەڵ گونجاندنی شوێنەكەی position بەو شێوەیە كە بتوانرێت نەخشە سازەكە (المعمار) كاریٚ بكات كە هەموو یاخود زۆربەی پەنجەرەكان رووەو باشوور بن (بۆ ئەو شوێنانەی رۆژ لەلای باشوورەوە وەر ئەگیرێت) وە هەروەها پەنجەرەكانیش پێوانەكانی (dimension) بچووك كرابێتەوە ئەگەر چی ئەمە بەكارێكی گران حساب ئەكرێت لە نەخشەسازیدا، (limite) هەر بۆیە passive house و zero emission bulding to environmental هەردووكیان هەوڵ ئەدەن كە وزەی بەرهەم هێنراوی لە ئەنجامی سووتاندن كەم

بكاتەوە،(مەبەست لەو وزەیەیە کە لە خەلوز , نەوت, غاز سوتاندن دروست ئەبێت ) ڕێژەی وزەی پاك زیاتر بەکاربهێنێت وە هەوڵ ئەدرێت کە لە( passive house )

ـدا ڕێژەی وزە کەم بکرێتەوە لە ڕێی بەکارهێنانی کەرەستەیەکەوە کە بتوانێت ڕێگری لە ونبوونی وزە بکات، وەك (isolation)ی ئەستور و کراوەکانی وەك دەرگاو پەنجەرە بە شێوەیەك بێت کەمترین خاڵی لاوازی تیابێت بۆ وونکردنی وزە، بەڵام خانووی وزە سفر ( zero emission bulding to environmental) کە لە توانایاندا هەیە کە وزەی بەکارهاتوو کەم بکەنەوە بۆ ڕێژەی سفر.

هەر بۆیە لە passive house هەوڵ ئەدرێت بۆ کەم کردنەوەی ووزەی بەکارهاتوو ئەو ئامێرانە بەکاربهێنن کە ووزە(کارەبا) کەم بەکار ئەهێنن , ئەمرۆ لەسەر ئامێرە کارەباییەکانیش وێنەی هاوکێشەیەکە لەسەرە کە ڕێژەی سەرف کردنی وزەکە دەست نیشان ئەکات ئەویش بە دانانی پیتەکان وەك لە وێنەکەدا دیارە




وە ئەم بەشە مانای efficiency.

مانای گەشتن بە ئامانجێك ئەمە ڕێژەکەیە لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرەدا جا هەتا پیتەکە لەسەرەتادا بێت مانای زیاتر ئامانجەکەی پێکاوەو وزە کەمتر بەکار ئەهێنێت لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە ئەبێت بگەڕێین بۆ ئەوەی کە وزە بێ پێکانی ئامانجەکانی لەدەست نەدەین واتە ئەو شێوانەی کە وزە تیایدا ون ئەبێت نەیهێڵین و بیکەینە ئامانج بۆ ئەوەی بگەینە ئەوەی وزەی بەکارهاتوو بکاتە سفر

وە هەم ئامانجێکی ئابووریشە چونکە وزەی کەم بەکارهاتوو مانای پارەی کەمتر تێچووە (بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا بە رێژەی بەرزبوونەوە ( تساعدی) نرخی وزە گران ئەبێت واتە هەتا زۆر بەکاربهێنێت وردە وردە یەکەکەی گرانتر ئەبێت).

کەواتە ئەو خانووانەی کە پێی ئەوترێت (building nerly zero energe) ئەو پڕۆژانە ئەگرێتەوە کە بتوانن کاریگەرییان هەبێت لە جۆری بەکارهێنانی پڕۆژەکەدا هەروەك ئەوەی کە بتوانرێت بە وزەیەکی کەم کاربکات وە یاخود وابێت کە شوێنی نەبێت کە وزەی تیا ون ببێت leak energe وە ئەو وزەیەشی کە بەکاری ئەهێنێت لە جۆری تازەگەرییەکان بێت نەك لەئەنجامی سووتاندنی بەڵکو لە خۆر یان لە با وەربگیرێت کە ئەمانە بە سەرچاوەی وزەی تازەگەری یاخود پاك ئەژمار ئەکرێت ئەو خاڵانە یاخود پڕۆژانەی کە وزەی بەکارهاتووە نزیك ئەکاتەوەو لە سفر ئەتوانرێت پێی بوترێت کە ئامانجەکەی پێکاوە هەروەك لە مەوپێش باسمان لێوەکردو روونمان کردەوە، وە بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە ستاندەری ئەوروپیمان هەیە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە ئەتوانن لە ئاستێکی باڵاداو بەبێ یارمەتی دەرەکی وزە بۆ خۆیان دابین بکەن، بۆیە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم جۆرە کە بە (passive house) ناوبراوە.

## Active house

ئەندازیاران و ئەو کەسانەی پڕۆژەکان جێبەجێ ئەکەن هەمیشە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی شێوەیەکی تر بدۆزنەوە بۆ ئەم سنوردارکردنە (limite) وەك حساباتکردن بۆ پەنجەرەی زیاتر تیا بەکاربهێنن (ئەگەرچی هەمیشە ئەژمار ئەکرێت بە یەکەیەکی ووزە ونکەر یاخود وزەی زیاتر لەو شوێنانەوە لەدەست ئەدرێت) وە جۆری گەرمکردن لە پڕۆژەکاندا بە شێوەیەك وزەی خۆر بەکاربهێنرێت لەم جۆرە خوێندنەوەیەوە بۆ پڕۆژەکان شێوەیەکی تر دروست بوو کە ئەویش پێی ئەوترێت (Active haws

house) ئەم جۆرە لێکدانەوەیە وا ئەکات کە خانوو بە خەسڵەتێکی ترەوە زۆر باشتر بەرهەم بهێنێت لەوانەی کە پێشووتر هەبوو لە (passive house) ئەویش سوپاس بۆ ئەو جۆرە عازیلانەی کە تیا بەکرا ئەهێنرێت بەتایبەتی لە سەربانەکاندا (ceilings) و توانرا پەنجەرەی گەورەتر بەکاربهێنرێت هەروەك پێشوو زیاتر روو لە باشوور ئەکات بە گوێرەی ( passive house) ئەم شێوەی کۆکەرەوەی وزە (collector) وزەی رۆژە بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی گەرم وە پەمپی وزە کە جۆری گەرم زیاد ئەکات ئەمەش وائەکات لە (٥٠٪)ی وزەی زیاد بکات کە لە شێوەی وزەی رۆژ پەیدا دەبێت، سوپاس بۆ ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە کە وزە زیاتر دروست ئەکات

و وا ئەكات كە پێی بوترێت (Active house) دەردەكەوێت كە لە ڕووی ئەو وزەیەی كە دروستی ئەكات بەرامبەر ئەوەی بەكاری ئەهێنێت وا ئەكات كە بتوانێت وزەی زیاتر دروست بكات، بە ڕێژەیەك كە زیاتر بێت لەوەی كە بەكاری ئەهێنێت بەتایبەتی بۆ ئەوانەی كە تیا ئەژین و وزە بەكارئەهێنن ئەمەش وەك وزە بە شێوەی كالۆری (بۆ گەرمكردن بەكارئەهێنرێت) وە یاخود وزە وەك كارەبا بۆ ڕووناكی بەكاردێت.

Active house ئەو پڕۆژەیەیە كە بە شێوەیەكی بینراو ئەچێتە خانەی بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای تازەگەری وە ئەتوانێت بەرهەمهێنانی هەبێت لە وزەداو لەوەی زیاتر كە بەكاری ئەهێنێن كە لەگەڵ احتمالی ئەوەی كە بتوانێت زیادەكەی بفرۆشێتەوە.

ئەم جۆرە بەرهەم هێنانەش وا ئەكات لە پارەی بەكارهاتوو لە دروستكردنی ئەم جۆرە پڕۆژانەدا بەزوویی بگەڕێتەوە دەست خاوەن سەرمایەدارەكە وە هاندانێكە بۆ ئەوەی كە ڕوو بەو جۆرە پڕۆژانە زیاتر بكرێت یاخود پارەی زیاتری تیا خەرج بكرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی زۆرتر بێت لە وزە لە دروستكردندا.

هەر ئەمەشە كە بۆتە پێشبڕكێ بۆ دۆزینەوەی تەكنەلۆجیای تازەتر لەم بوارەدا .



**بەگوێرەی ئەو خشتەیەی بۆ (efficiency)ی وزە لە لیژنەی یەکێتی ئەوروپا کە لەسەر (efficiency) وزەی لەناو خانووەکاندا لە ساڵی (٢٠١٩) بەدواوە هەموو ئەو بینا تازانەی کە بۆ کاری گشتی بەکار دێت وە لە ٢٠٢١ بەدواوە هەموو ئەو بینایانەی کە دروست ئەکرێت ئەبێ ڕێژەی وزەی بەکارهاتوو تیایدا (بەرامبەر وزەی بەکارهێنراو) بکاتە سفر واتە بتوانێت وزەی خۆی دابین بکات بە شێوەی تەکنۆلۆجیای تازەوە.**

**بەڵام (Active house) جۆرە شتێکی تری هەیە بۆ بینا بەجۆرێك کە ئەتوانێت وزە بگەڕێنێتەوە یاخود وزەی زیاتر بەرهەم بهێنێت لەوەی کە بەکاری ئەهێنێت ئەمەش وائەکات کە ژینگەیەکی خاوێن و بەختیارییەك لەناو ئەو جۆرە خانوانەدا هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە تیایدا ئەژین کە خۆی ڕێك ئەخات لەگەڵ کەشو هەوای خانووەکەو ژینگەکەی کە تیادا ڕەخسێنراوە.**

**(Active house) ئەتوانرێت خانووی تازە بێت یاخود ئەو خانووانە بێت کە تعمیر کراوەتەوەو ئەتوانرێت خانووی جۆری ئەوەی کە تیا ئەژین یاخود خانووی کە بۆ کاری گشتی بەکارئەهێنرێت وە یاخود فەرمانگەبێت.**

**ئەم جۆرە خانووانەش کە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە کە وزە نزیکەی سفر بەکارئەهێنێت لەم خانووانەشدا ئەو کەسانەی کە تیا ئەژین قازانجێکی باشی ئابوورییان دەست ئەکەوێت ئەویش بەکەم مەسرەف لەپارەی بەڕێوەبردنی خانووەکەدا بۆ گەرمکردن و ساردکردنەوەی.**

**ئەمڕۆ هۆشیاری گەشتۆتە رادەیەك لە ژینگە پارێزیدا هەمو حساباتێك ئەکرێت هەروەك چۆن ئۆتۆمۆبیلەکانیان لە سالانی نەوەدەکانی سەدەی رابوردووەوە ریزبەندی بۆ کراوە کە چەندە ژینگە پیسئەکات ( ئێورۆ ١, ئێورۆ ٢, ئێورۆ ٣, ئێورۆ ٤, ئێورۆ ٥ کە ئەمرو لە بازاردایە ) لە وڵاتانی رۆژ ئاوا کۆمەڵە خەڵکانێك پەیدابوون تەنانەت کە لەبەکارهێنانی شتی رۆژانەشیاندا هەوڵ ئەدەن کە شتێك بەکاربهێنن کە ژینگەی پیس نەکردبێت هەروەك ئەوانەی کە ئەڵێن ئەگەر بەروبوومی کشتوکاڵی یاخود ئاژەڵیشت کڕی هەوڵ بدەن ئەوانە بێت کە لە نزیك خۆتەوە بەرهەم هاتووە، بەجۆرێك کە کەمترین گواستنەوەی هەبێت و کەمترین وزەی تیا بەکارهاتبێت بۆ گواستنەوە واتا کەمترین ژینگە پیس کرابێت.**

**هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە ئیتالیا سیستێمی ( لێد) یان دامەزراند ئەمەش شێوەیەکە کە یارمەتی بیناساز ئەدات کە زیاتر ببێتە (المســتدامە) sustainble شێوەی وەسائفی**

( سێرتفکاسیون) که ڕاستەوخۆ کار لەسەر پرۆژەی تازە و وە یان ئەو خانوانەی نۆژەندکردنەوەیان بۆ ئەکرێت , ئەمەش پرۆتۆکۆلێکی هەلسەنگاندە( evaluation) کە ئەتوانێت بەشێوەیەکی ریازیاتی ڕێژەی ژینگە پارێزی لەو پرۆژەیەدا یان لەو خانوەدا دیاری بکات . وە یاخود بڵێین ئالەتێکە بۆ دیاری کردنی ئەو خالانەی کە پێویستە بۆ ئەو جۆرە نەخشانە ,کە هەمان کات ڕێژەی ژینگە پارێزی لە دروستکردنیداو بەڕێوەبردیدا دیاری ئەکات ئەمەش بەشێکە لە Green Building Council هەر چۆن لێد سیستێمی هەلسەنگاندنێکی ستاندەردی نێودەولەتیە کە هەول ئەدات هەڵسەنگاندنەکان لە یەکتر نزیک بکاتەوە .




بەم جۆرە ستاندەردێکی هەتسەنگاندن لە سەر ئاستی وولات دروست بوە کە ئەبێت رەچاوی خالە بنەرەتییکانی بکات , هەر لەبەر ئەمەیە بۆ هەر خالێکی دەرجەی خۆی لە سەرە بە گوێرەی دەرەجەکی کلاسی بو دەست نیشان ئەکرێت .

کە بەم جۆرە رێك خراوە :-

- سەرەتایی ٤٠-٤٩ خاڵ (دەرەجە)

- زیوی ٥٠-٥٩ خاڵ

- ئاڵتونی ٦٠-٦٩ خاڵ

- پلاتین       لە سەروو ٨٠ خاڵ

کلاسی چەندایەتی هەر پرۆژەیەکیش ئەکاتە کۆی خاڵەکانی کە بەدەستی هێناوە وە هەر ئەمەش دیاری ئەکات کە پرۆژەکە سەرکەوتوە یان نا وە دەلالەت لە چ جۆرە پرۆژەیەك ئەکات کە ئەبێت رەچاوی ئەم خالانەی کردبێت ,

١- گونجاندنی لەگەڵ شوێنەکە (مەبەست لە پرۆژەکەیە ).

٢-کاریگەری رێکخستن و بەرێوەبردنی ئاو تیادا.

٣-وزە و ژینگە .

٤-کەرەستەکانی و سەرچاوەکەی .

٥-چۆنایەتی هەوای ناو پرۆژەکە .

٦-نەخشەسازیەکەی و تازەگەری تیادا.

٧- تایبەت مەندیەکانی ناوچەکە .

بۆئەوەی پرۆژەیەك ئەم خەسلەتیانەی تیابێت پێویستە ئامادەکاریەکی باشی بۆ بکرێت و کۆمەڵە خەڵکانێکی خاوەن تایبەت مەندی گونجاو بە پرۆژەکە ئامادە بکرێت.

ئەگەر ئەم کاراسانیانەمان کرد بۆ پرۆژەکە ئەو کات ئەزانین چی دروست ئەکەین (کە ئەکاتە خاڵی گەشتن ) پرۆژەیەکمان دروستکردوە کە هاوسەنگییەکی تەواوی تیایە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تیا دروست کراوە هەر بۆیە پێویستە هەر حەوت خاڵکە شیکار بکەین.

١-گونجاندنی لەگەڵ شوێنەکە. Sostainability of the Site

ئەم کۆمەڵە شیکاری شوێنەکە ئەکات وە گونجاندنی لەگەڵ جادە و کۆلانەکانی و ئەو خزمەت گوزاریانەی کە تیایاندایە بە جۆرێك کە پرۆژەکەی ئیچمەش ببێتە بەشێکی تەواوکەر لە خزمەت گوزاریانەی کە هەن لە دەوروبەری وە بیگونجێنین لەگەڵ هەمویاندا.

٢- کاریگەری بەرێوەبردن و رێکخستنی ئاو تیادا :

**لە سیستێمی شهادە داندا گرینگی تایبەت ئەدات بە شێوەی بەکارهێنانی ئاو کە پێویستە شێوەیەکی لۆژیکی تیابێت و بەفیرۆدان کەم بێت وە خود هەر نەبێت وە هەول بدرێت بتوانێت ئاوی باراناو کۆبکاتەوەو بەکاریبهێنێتەوە بو ئاودانی باخچەکانی وە یاخود بو کاری پێویستی دروستکراوەکە , لە بەشێکی تردا رێنمایی ئەکات بۆ پاکردنەوەی ئاوی بەکارهاتو بە شێوەیەك کە بتوانرێت سودی لێوەربگیرێتەوە , لەم بەشەدا زیاتر رێنمای خەلك ئەکرێت تا ئاوی پاك(ئاوی خواردنەوە) بەفیرۆنەدەن چونکە ئاو خێرو بێری گشــتیە بە تایبەتی ئاوی شیرین کە روو لە کەمبونەوە ئەکات لە جیهاندا .**

**٣- ووزە و ژینگە .**

**وەك ئامانجێکی راستەوخۆ ئەبێت هەول بدرێت ووزە بە لۆژیکی بەکاربهێنرێت بۆ گەرم کردنەوەو سارکردنەوە و رووناکی وە هەروەها بو ئاوی گەرم بۆ پێویستەکانی بەکارهێنەرەکانی وە زۆر روناکی ئەخرێتە سەر سەرچاوەی ووزەی پاك و ووزەی تازەگەری بێت.**

**٤- کەرەستەکانی و سەرچاوەکەی:**

**ئەم بەشە تایبەت مەندە بە شیکاری بو هەموو ئەو کەرەستانەئەکات کە تە دروستکردنی پرۆژەکەدا بەکار هاتوە چەند کەرەستەی سەرچاوە خاوێن بێت ئەوەندە خاڵی زیاتری پێ ئەدرێت هەروەها شیکاری بۆ خۆڵ و خاشاکەش ئەکات کە بەکارهێنەرانی بەرهەمی ئەهێنن بۆ ئەوەی جیابکرێتەوەو ئەوەی ئەتوانرێت سودی لێوەربگیرێتەوە بەجیا کۆبکرێتەوە (Reccycling ) وەك شوشە, پلاستیك, کاغەز ئەمانە ئەتوانرێت جارێکی تر وەك ماددەی خاو بەکاربهێنرێتەوە , وە هەروەها پاشماوەی خواردن کە بەکار نایەتەوە .**

**٥- جۆرو چۆنیەتی ئەو هەوایەی کە تە ناو پرۆژەکەدا هەیە:**

**ئەم بەشە تایبەت مەندە بەوکەسانەی پرۆژەکە (خانوەکە) بەکار ئەهێنن کە ئەمەش راستەوخۆ بەرپرسیارێتی ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوکەسانەی کە لە سەرەتادا دراسەی پرۆژەکەو شوێن و سازاندنی لە شوێنەکەدا (orientation)بۆ کردوە کە چۆن ئاڵ و گۆری هەوای تێدابێت و رووناکی سروشتی و دیمەنەکانی دەرەکی کە اە پرۆژەکەوە ئەبینرێت .**

**٦- پرۆژە سازی و تازە گەری :**

ئەم بەشە تايبەت مەندە  بە نەخشەسازەكەوە( architect) كە ئەبێت  تازەگەری  تيا بەدی بكرێت و بتوانرێت بەردەوامی  هەبێت لە   خۆش گوزەرانی  بەكارهێنەرەكانيدا ( دانيشتوانەكەی)

٧- خەسلەت و تايبەتمەندی   ناوچەيی(مەبەست ئەو ناوچەيەی پرۆژەكەی  تيا ئەنجام ئەدرێت)

ئەم بەشە  گرنگی دانە بەو شتانەی كە تە ناوچەكەدا  تايبەت مەندی  هەيە  كە پێويستە  لە پرۆژەكەدا  بە شێوەيەكی ديار گرنگی پێ بدرێت  .

ئەم كارانە كە لە پرۆژەيەكدا ئەنجام ئەدرێت   وەك لە سەرەتادا وتمان  ئەو پرۆژەيە  خاڵی  پێ ئەدرێت  مانای ئەو پرۆژەيە  دەفتەرێكی بۆ دروست ئەكرێت  كە هەمو  ئەو شتانەی سەرەوە بەروونی  باس كراوە  واتا يارمەتی دەرێكە  بۆ ئەو كەسەی  تيا ئەژی  كە بە رێكو پێكی  بەكاری بهێنێت  وە يارمەتی دەرێكە بۆ ئەو كەسانەی  كە  ادامە ياخود  سيانەی ئەكەن  بۆ بەردەوامی  و هێشتنەوەی لە پلەی بەرزدا.

بۆيە هيوادارم ئەگەرچی ئێمە كۆمەڵگايەكی بەركاربەرين و كەمترين بەرهەممان هەيە زۆربەی شتەكانمان لەدەرەوەی وڵات بەدەست ئەهێنين هيوادارم كە لێرەش كارێك بكرێت كە بتوانرێت لەتازەگەری وزەدا سوود وەربگيرێت و بەكاری بهێنن كە ئەمانەش هەمووی لە رێگەی ياساوە ئەبێ بەرجەستە بكرێت بۆ وەگەرخستنی ئەو جۆرە پرۆژانە، نەڵين ئێمە خۆمان خاوەنی نەوتين(   كە سەرچاوەی  وزەيە) و پێويستمان بەو جۆرە ووزيە نی يە  بير تە نەوەی دوای خۆمان بكەينەوە  چ ژينگەيەكيان  بۆ بەجيئەهێلين  بۆيە  ئەبێت پرۆژەكانی ساڵانی داهاتوو  بەچاكی دراسە بكرێت.

ئەندازياری  تەلارساز

رەفيق  ئەحمەد  محەمەد